# مەلا بەختیار

# لە نێوان دیمۆکراسی و تیرۆردا

یاسین بانیخێڵانی

شەوی 19/20.10.2001 لە یەکێك لە ژوورەکانی پالتالك Paltalkمەلا بەختیار سیمینارێکی لەسەر رەوشی ئەمڕۆی کوردستان و جیهان سازکرد. سەرەتا دەکرێت وەك هەر پرنسیبێکی نووسین قسەش لەسەر ژوورەکەو هەڵسوکەوتی کوڕ گێڕ و ئەو کەسانەی ژوورەکەیان هەڵدەسوڕاند بکرێت، بەلام بۆ خۆم جێگەی داخە، کە ئەو جۆرە کەسانە نەك هەر مرۆڤانی گرگن و بچوکن بەڵکو لەڕووی مۆراڵیشەوە پرنسیبێکیان نییە تا مرۆڤ بکارێت قسەیان لەسەر بکات بۆیە باشتر وایە فرێبدرێنە ئەو دیوی فاریزەوە.

سەرەتا مەلا بەختیار لەڕووداوەکانی جیهان و ئەزمونەکانەوە شۆڕبووەوە بۆ ناو سیستەمی نوێی جیهان، بەلام بەداخەوە زیاتر قسەکانی لە گێڕانەوە دەچوو تا خوێندنەوەیەکی سیستەماتیکانە ئەمەش بەهۆی ئەوەی وەك سیاسییەك قسەی دەکرد نەك وەك مرۆڤێکی ڕۆشنبیر. دیارە مرۆڤی سیاسیش جگە لەوەی مرۆڤێکی بەرژەوەندخوازو دەسەلاتخوازە دەزانێت قسەکانی بە چ ئاقارێکدا دەبات تا ئەو ڕادەیەی درۆ تێکەڵی هەقیقەت بکات بۆ فریودانی ئەو کۆمەڵەی، کە گوێی لێدەگرن. مەلا بەختیار کاتێك قسەی لەسەر گلوبالیزەیشن Globalization دەکرد تەنها ڕوخسارە دەرەکییەکانی ئەو سیستەمەی دەبینی و پێی وایە تەنها بچوککردنەوەی جیهانە لە کوێرە دێیەکدا. ڕاستە لە سادەترین پێناسەدا گلوبالیزەیشن ئافراندنی جێگایەکە بە بێ جڤات و جڤاتێکیش بە بێ جیگا، بەلام ئایا دەکرێت لایەنە رامیاری، ئابوری و کۆمەلایەتییەکەی فەرامۆش بکەین؟ ئایا لە پێناسەیەکی تردا ئەو سیستەمە هەڵوەشاندنەوەی هەموو کۆمەڵگاکان نییە بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە بۆ ئافراندنی دەسەلاتێك، کە ئەمرۆ حوکمی دونیا دەکات؟.

لەڕاستیدا ناکرێت ئێمە ئەمڕۆ بەتەنها لە ڕوانگەی کۆمونیکەیشنەوەKommunikation تەماشای گلۆبالیزەیشن بکەین و دڵخۆشی خۆمان بەوە بدەینەوە، کە ئەم سیستەمە نوێیەی جیهان مرۆڤایەتی بەرەو قۆناغێکی باشتر دەبات، چونکە ئەگەر دوێنێ فۆکۆیاما Fukuyama Francisئەمەی بە کۆتایی مێژوو قەبلاندبێت ئەوا ئەمرۆ دەتوانین بەکۆتایی مرۆڤی بقەبڵێنین و

باشــترین گەواهــیدەریش ڕووداوەکــانی پــاش 11مــانگی ئەمەریکایــە، کــە هــەموو پرســیارو تــێڕامانەکانی کوشــت و هــەموو جــیهانی بەمرۆڤایەتیشــەوە لەبــەر دەم دوو ڕێگــادا هێشــتەوە، ڕەنگــە ئەمــە شکســتێکی ئــەو سیســتەمە بێــت کاتــێك دەیەویســت یەکگرتــنەوەیەك لــە نــێوان کولــتور، ئــاین، فەرهــەنگ و زمانــەکاندا دروســت بکــات، هەربۆیــە ئــەم شــەڕەی ئەمــڕۆش بــۆ بنــیادنانەوەی ئــەو شکســتەیە بــەڵام ئەمجارەیان لە دووبەرەدا. شەڕی ئەمڕۆی ئەمەریکا تەنها شــەڕی نــیوان پێشــکەتووخواز و دواکــەوتوخواز، تیرۆریســت و دیمۆکراســی، فوندامێنــتال و مۆدێرنێت نیــیە بــەڵکو شــەڕی ســاغکردنەوەو یەکلاییکردنەوەی جیهانە، هەربۆیە پێناسەکان هەموو ون و تیرۆر کران و لە پرسیارێکدا ئاراستەرکران (لەگەڵمی یا نا؟) هەربۆیە مەلا بەختیار و حیزبەکەیشــی بــێ خوێندنەوەیەکی فەلســەفیانە دەیانەوێت ئێمەش بەهەمان ئاقاردا ببەن و هــەمان تــەپڵی ئەمــەریکا بەزمانــێکی تــر لێبدەنەوەو پــێمان بڵــێن: (شەڕی ئێمە شەڕی نێوان فوندامێنتالــیزم، مۆدێرنێــت و تــیرۆر و دیمۆکراســییە بــە بێ ئەوەی هیچ پێناسەیەکمان بۆ ئەو چــەمکانە بداتــێ، تــا ئــێمەش لەڕوانگــەی پێناســەکانەوە هەڵوێســتی خۆمــان دەربــبڕین. مــەلا بەختــیار دەڵێــت: (زۆر لــە ڕۆشنبیران لە نووسینەکانیاندا پشتگیری لە فوندامێنتالیزم دەکەن) بــەڵام پــێمان ناڵێــت: ئــەو ڕۆشــنبیرانە کێن و سەربەکام بەرەی فیکرو ئایدۆلۆژیان؟ یان پێمان ناڵێــت: بــەرەی فوندامێنتالــیزم کــێن؟ لەڕاســتیدا بــۆ خــۆم لــە هیچ فەرهەنگێکی سیاسیدا، کە نازنــاوی دیمۆکراســی هەڵگرتبێــت نەمدیوە ئایدۆلۆژیای سڕینەوەی بەرامبەری هەڵگرتبێت و بۆ هەرکارو کێشەیەك ڕەوایەتی بەخۆی بدات، چونکە شتێك نییە ناوی چاکەو خراپەی ڕەها بێت، ئــەوە تــەنها لە فەرهەنگی دەسەڵاتە تۆتالیتارەکاندایە، کە دەیانەوێت لە ژێر ئەو دەمامکانەوە دەســەڵاتی خۆیــان بســەپێنن. ئــەو ڕۆشــنبیرانەش کــە مــەلا بەختــیار باسیان دەکــات ڕەنگــە ڕۆشنبیرانێکی ئایدیــالی بــن، ئەمــەش مانــای ئــەوە نییە ئەو ڕۆشنبیرانە سەلەفین، چونکە لەو وولاتــە پێشــکەوتووانەش، کــە ئــەو پێی وایە وولاتانی پۆست مۆدێرنن هێشتا زانا و فەیلەسوف ئایدیــالی دەژیــن و کەســیش ناتوانێــت پێیان بڵێت: سەلەفی! وە لە ڕوویەکی ترەوە ئەگەر لای ئــەو مەبەســتی لــە فوندامێتالیزم، فوندامێتالیزمی ئایینی\ئیسلامی بێت چ جیاوازییەك لە نێوان ڕۆشــنبیرێکی ســەر بــە بزوتنەوەی ئیسلامی و ئێران و ئەفغانستان و جندالاسلام هەیە؟. بۆچی ئەوانــەی ســەربەلایەنی ناحــەزن کۆنەپارێــزن و ئەوانــەی تــر نوێخــواز لەکاتــێکدا لەڕووی فیکرو فەلسەفەوە لەیەك تەوەردا دەخولێنەوە؟. ئەگەر لای ئەویش مەسەلەکە تیرۆر بێت، ئەوا تیرۆر زۆر پێناســەو مانــای تــر لــەوەی مــەلا بەختــیار دەیڵێت هەڵدەگرێــت. تــیرۆر تــەنها توندڕەوی وتــێکدان و کوشــتار نیــیە، بــەڵکو ئــەو سیاســەتەیە ئەمانــە بەرهەمدەهێنێــت، سیاســەتی سڕینەوەی بەرامبەر، ئەو سیاسەتەی مەلا بەختیاری دوێنێ کرد بە قوربانی ئەمڕۆ، بۆیە دەکرا

مـەلا بەختـیار زۆر بەهوشـیارییەوە لەگـەڵ وشـەی تیرۆردا مامەڵەی بکردایەت و تیرۆری بەسەر سـپی و ڕەشـدا دابـەش نەکـردایەت، چـونکە تـیرۆر هـەر تـیرۆرەو هـیچ پاکانەیەك هەڵناگرێت. ڕوویـەکی تـری تـەوەرەی قسـەکانی، کـە تەواوکـەری ئـەو شـەرعیەتی وشـەی ئـازادی و دیمۆکراسـییە، کـە هـەمان قسـەی جـەلال تاڵـەبانی یـە کاتـێك دەڵێـت: ( ئـەو ئـازادی و دیمۆکراسـییەی ئەمـڕۆ لەکوردسـتاندا هەیـە، خـێرو بـێری بـۆ هـەموو لایەکـە بۆیـە پێویسـتە لەسەرشـانی هـەموو لایـەك بیـپارێزین)*$1$ یـا دەڵێـت: ( ئـێمە باوەڕمـان بـە ئازادی بیروباوەڕ هەیـە)*$2$. ئـای چـەند دەترسـم لـەو وشـە شـیرین و جوانانەی، کە لەهەناویاندا ژەهر هەیە ! . خۆزگـە بـۆ ڕۆژێـك جـەلال تاڵـەبانی و مـەلا بەختـیارو هـەموو ئـەو دەسەڵاتدارانەی بانگەشەی ئـازادی و دیمۆکراسـی دەکـەن دەیانـتوانی جگـە لـە پێناسـە تەقلیدیـیەکەی دیمۆکراسـی پێناسـەیەکیان پێدەداین، بۆ ئەوەی ئێمەش تێبگەین، کە ئەوان چۆن لە دیمۆکراسی و ئازادی تێگەیشـتوون هـەتاکو لـە ڕوانگـەی تێگەشـتنەکانی ئەوانـەوە لەگـەڵ ئـەو چەمکانەدا هەڵس و کەوت بکەین. تۆ بڵێی ئازادی و دیمۆکراسی تەنها بە ڕێگای چەند ڕۆژنامەو ڕادیۆیەکدا مەیسەر ببێـت، لەکاتـێکدا بـزانن کەمـێك فشـار بۆسەر سیاسەتە چەوتەکانیان دەهێنێت کلیل وقوفڵێك لەدەمـیان بـدەن هـەر بـەناوی ئـازادی بیروڕادەربڕینەوە، ئەگەر تۆمەتی گێرەشێوێن و تابوری پێـنجەم نەدەنـە پاڵیشـیان بۆ زەمینەخۆشـکردنی تـیرۆر. مـن زۆر خۆشـحاڵم، کـە ئەمڕۆ مەلا بەختـیار باسـی دیمۆکراسـی و ئـازادی بیروڕادەربڕین دەکات، بەڵام ئایا کورد بەدرێژایی مێژوو هـەتاکو ئەمـڕۆ هـەر بـاجی دیمۆکراسـی و ئـازادی ڕادەربڕین نییە داویەتی\ئەیدات؟. ئایا ئێمە هـەموومان بـە مەلابەختـیار خۆیشـییەوە هـەر قوربـانی ئـەو دوو چـەمکە نـین؟. ئـیتر بـۆ دێن جـارێکی تـر بەو وشانە سەرمان دەبڕن و لە ژێردرەختی ئازادیدا تیرۆرمان دەکەن و ناسنامەی ڕەوایەتـیش بـە خۆیـان دەدەن. مـەلا بەختـیار دەڵـێ: (گـرفتی من ئەوە نییە بە دیمۆکراسیدا هەڵبگووترێ. گرفـتم ئـەوەش نییە بەهانـە بهێنرێـتەوە و ڕەوایـەتی ببەخشـرێتە هەڵـەو کـەم وکوڕییەکان، ڕێك پێچەوانەیە باوەڕی تەواوم بەوەیە کە هەرگیز دیمۆکراسی خورت نابێ ئەگەر بێـتو ئـازادی و فشـاری ڕای گشـتی ئۆرگانـە مەدەنییـەکان دەسـەڵاتی تـەواویان نەبێـت)*$3$. ئالـێرەدا بـە ئاشـکرا بۆمـان ڕووندەبێـتەوە، کـە هێشـتا دیمۆکراسـییەت لای ئـێمە نـەك هـەر پراکتـیزە نەکـراوە بـەڵکو لـە ڕووی تیۆرییەوە جـێگای قسە لێکردنە، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی ڕەهـا حوکم دەکات، دەسەڵاتی ڕەهایش نەك هەر مەترسی بۆ سەر دیمۆکراسییەت هەیە بەڵکو هەڕەشەشـی لـێدەکات، چـونکە دەسـەڵاتی ڕەهـا هـەنگاوی یەکەمـە بەرەو تۆتالیتارێت، ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی، کە شەڕی برا کوژی لێکەوتەوەو کوردستانی کرد بەو جەنگەڵە تاریکە، کـە ئەمـڕۆ دەیبیـنین. ئەگـەر شـەڕەکانی جـیهان لەسـەر ئاسـتی جیاوازی بووبێـت لـە هەموو

ڕووەکانـەوە، ئـەوا شـەڕەکانی کوردسـتانی ئـێمە (جگە لەداگیرکەران) لەسەر دەسەڵات بووە، ئەمـەش دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەو سایکۆلۆژییەتەی هەست بە بێدەسەڵاتی خۆی دەکات، بۆیە ئەو جـۆرە شـەڕانە دەتوانـین بەشـەڕی بەرگـری نـاوی ببـەین، جـا مەترسـییە گەورەکـە ئا لەوێوە سەرهەڵدەدات کاتێك ئەو سایکۆلۆژییەتە بچوکە نەخۆشە دەبێتە دەسەڵاتدار، ئەو کاتە کوتـەك و شـەق جـێگای دیـالۆگ دەگرێتەوە وەك ئەوەی لەدوای ڕاپـەڕینەوە بینیمان. بۆیە باشتر وایە ئـەو دەسـەڵاتە کوردییانە بـە سیاسـەتەکانیاندا بچـنەوەو بـزانن چـۆن لەگـەڵ نەوەی ئەمڕۆدا مامەڵـە دەکـەن، لەبـەر ئـەوەی سـەردەمی نەخوێـندەواری و ناهۆشـیاری بەسەر چووە، تەنها لەفەرهەنگـەکانی ئـەواندا نەبێـت، هەربۆیـە هەمیشـە ئـەو وتـە سـواوە وەك بنێشتەخۆشـەی سـەرزمانیان دەجونـەوە، کـە مـیللەتی کـورد نەخوێندەوارو دواکەوتووە، بێ ئەوەی هەست بە بەرپرسـیارییەك بەرامبەر ئەو دواکەوتوویی و نەخوێندەوارییە بکەن، کە خۆیان دەستیان تێیدا هەیـە، چـونکە هـیچ گەلـێك لـە جـیهاندا دواکـەوتوو نەخوێـندەوار نیـیە، ئەگـەر دوا نەخرێت و خوێندەواری لێ زەوت نەکرێت!.

گەلـێك چۆن دوا ناکەوێت لـە گوندەکـەیدا دوو مـزگەوت هەبێـت بـەڵام قوتابخانەیـەك نەبێت، لەشـارەکەیدا 20 مـزگەوت و خانـەقاو تەکیە هەبێت بەڵام کتێبخانەیەکی تێدا نەبێت، منداڵان چۆن بەهـرەمەند دەبـن لەتەمـەنی حەوت ساڵییەوە فێری ئەلف و باو (دار) ی شەق دەبن یان چـۆن سـایکۆلۆژییەتێکی تێکشـکاویان نابێـت لەبـری فیـلم و بەرنامـەی مـناڵان کارەسـاتی هەڵەبجـەو دیـل کوشـتن و وێـنە درێـوە تۆقێـنەرەکانی شـەڕیان نیشـان دەدەن...؟. ئایا ئەو دەسـەڵاتانەی تـەپڵی مۆدرنێـتەو کۆمـەڵگای مـەدەنی لـێدەدەن هەسـتیان بەبـەر پرسیارییەك لەبەرامبەر ئەو هاوکێشە دژانەدا کردووە یان دەیانەوێت هەر لەسەر ئەو ڕەوڕەوە،کە سیاسەت و مـێژووەکەیانی هەڵگـرتووە بڕۆین؟. مەلا بەختیار لەتێڕوانینی حیزبەکەیەوە دەیەوێت هەموو ئەمانـە لەئـێمە بشـارێتەوەو لـەبیرمان باتـەوە بـەوەی، کـە ئـەوان لەبـەر ئاوەدانکـردنەوەی کوردسـتانی وێـران سـەریان ناپەرژێـتە سـەر زۆر کـاری تـر. لـە کاتـێکدا من پێی دەڵێم: کاری حکومـەتی ئـێوەو هـەموو حوکمەتـەکانی تـر ئەگـەر شەقام، کارگە، قوتابخانە، نەخۆشخانە و شـوێنە خزمەتگوزارییەکانی تـر نەبێت دەبێت کاری دەوڵەت و حکومەت چی بێت؟. تۆ بڵێی: کـاری حکومەتـە کوردییەکان تـەنها تـیرۆرو تۆقـاندن و ڕاونانی نووسەرو ڕۆشنبیران و خاوەن هـزرە جـیاوازەکان بێت؟ یا داخستن وقەدەغەکردنی ڕێکخراوە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی تر؟ ئایا مـەلا بەختیار باسی ئازادی بیروڕادەربڕین و دیمۆکراسی دەکات تا ئێستا چاوی بە لیستی ڕەشـی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتەکەیدا خشاندووە یا تا ئێستا تەماشای ئـەو مەلەفـەی کـردووە، کـە چـەنێك نووسـەرو ڕۆشـنبیری تـیا تیرۆرکـراوە؟ ئەمـە ئەو ئازادی

بیروڕادەربڕینەیە، کە تا دوێنێ ڕۆشنبیرێك لە هەولێرەوە نەیدەوێرا بڕوات بۆ سلێمانی و ئەمڕۆش زۆرن ئەو نووسەرو ڕۆشنبیرانەی، کە ئاواتەخوازن سەردانی کوردستانێکی بێ بەعسی بکەن بەڵام نایانەوێت ملیان لە چەقۆی دەسەڵاتە کوردییەکان بسوون، چونکە چەقۆهەر چەقۆیەو هیچ ناسنامەو ڕەگەزێکی نییە.

لەکۆتاییدا هیوادارم دەسەڵاتدارە کوردییەکان پێش ئەوەی قسە لەچەمکی ئازادی بیروڕا دەربڕین بکەن بە سیاسەتە چەواشەکارییەکانیاندا بچنەوەو چارەسەرێکی ئەو فەسادی ئیدارییەی ناو دەزگاکانیان بکەن بۆ ئەوەی لەداهاتوودا هەمووان بتوانین بە بێ ترس و دڵەڕاوکێ قسە لە ئایندەی کوردستان بکەین و لەڕێگای دایالۆگەوە خۆمان فێرکەین، کە بەرژەوەندی گەل لەسەرووی حیزب و دەسەڵاتەوەیە، بەمەش دەتوانین سەرەتاییترین هەنگاو بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی بنێین.

پەراوێزەکان

*1-2.دەقی وتاری مام جەلال. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ 20.10.2001لاپەڕە 2-3

*3. مەلا بەختیار. دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنێتەدا. لاپەڕە184 لە وەڵامێکی ڕێبین هەردی دا، کە دەڵێ: (گرفتی کاك مەلا بەختیار ئەوەیە وا دەزانێ دیموکراسی بە پیاهەڵدان و چاوەنواڕیکردن دروست دەبێ، بە بەهانە هێنانەوەو ڕەوایەتی بەخشین بە هەڵەو کەموکوڕییەکان دێتە دی، لەکاتێکدا ڕاستەوخۆ بە پێچەوانەوە دیموکراسی بە ئامادەبوونێکی ڕەخنەی بەردەوامی خەڵك لەسەر کەموکوڕییەکان، لە ڕووبەری مێژوویدا دێتە دی).

20.10.2001